# لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی لەنێوان زاری کرمانجیی ژووروو و زاری فەیلی

د. تارا عبد الله سعید

پێشەکی:

ئەوەی ڕاستی بێت پێش ئەوەی دەست بە نووسینی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە بکەم، زۆرم بە کارێکی سوك و ئاسان دەهاتە پێش چاو بەحوکمی ئەوەی بە خۆم بە شێوەی کرمانجی ژووروو دەئاخفتم و ماوەیەکی زۆریش لە ناو لوڕەکان و لوڕستانەکان ژیانم بردۆتە سەر، وام دەزانی لە ماوەی یەك دوو ڕۆژدا کۆتایی بە باسەکە دەهێنم!! بۆیە زۆر لایەنم هەڵبژاردبوو کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم، کەچی بە داخەوە کە کەوتمە ناوکارەکە یەکجار گران نواندی و چەند هۆیەکیشی هەبوون، زیاتر دەبوایە باسێکی مەیدانی بێت بۆمن نەلوا. سەرچاوە لەم بارەوە لەبەردەستم کەمبوون، هەندێك باری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوانەیەزیاترلە ساڵێکی بوێت. هەربۆیەش من هەوڵمدا کورتی ببیرم، نەك لەهەمووبوارێکدا باسەکە بەرمەسەرو هەوڵبدەم کۆتای پێبێنم نەك تەواوی بکەم!!!!

ئاشکراشە ئەگەر ئیشەکە بەشێوەیەکی سروشتی کۆتای پێبهاتبا، بێ خەوش نەدەبوو،چ جای ئەوەی کەمن بەزۆری زۆرداری بابڵێم وازم لێهێناوە، ئەوە دیارە مسۆگەر کەم وکورتی هەردەبێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە بووە سەر نامەیەك تاکو من بۆ جارێکی تر وردی دەست بکەم بە لیکۆڵینەوەیەکی وا کە حەقی خۆی بدەمێ ، بۆ ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە لە نێوان زارەکانی لوڕی دا من شێوەی فەیلی و لەهی کرمانجی ژورودا شێوەی بۆ تانی م کردە کەرەستەی کارو خستمە تای تەرازوو بۆ دیاریکردنی هەندێ لایەنی جیاواز .

بۆ بەش ئەگەر جاروبار وشەی لوڕی یاخود بۆ تانیم بەکاربردبێت ئەوە مەبەستم هەر بوارەکەی خۆمە دیاریشە ئەگەر لێکۆڵەر وردبین بێت جیاوازییەکان هەر ئەوەندە نین کەمن دەست نیشانم کردووە بەڵکو شتی وردتریشی تێدایە بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد کورتم بڕیوە.

مەبەستیشم ئەوە نییە لێك دوور بوونی گۆگەرەکان روون بکەم و بسەلمێنم لێك دوورین بەڵکو بۆ ئەوەیە کە زیاتر شارەزای زارەکانمان بین و باشتر و زیاتر لێك نزیك بین ، جیاوازی لە نێوان شێوەی ئاخافتنی خەڵکی ژووروی گوندێك و خوارروی هەمان گوند هەیە ، بەڵام وێك چوونیان زۆر زۆر زیاترە ، لەنێوان ئەم دوو زارەشدا هەر بە هەمان شێوەو بە شێوەیەکی تر دەتوانین بلێین کە پەیوەندییەکی جوگرافیایی پتەو لە نێوان زارەکانی کوردیدا هەیە و مرۆڤ کە دەڤەرەکانی کوردستان دەپێوێت ئەمە بە باشی هەست پێدەکات فوئاد حەمە خورشید ، زمانی کوردی و دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە خۆی لە دوو بوارەداوە ، وەك چۆن ئاماژەم پێکرد زور بە کورتی وهەروەها وەك لەناوو نیشانەکەی دیارە لایەنە جیاوازەکانم لەبەر چاو گرتووە ، واتە نە پەرژاومەتە سەر هەموو لایەنێك . ئەو . دوو بوارەش بەکرچ و کاڵی بریتین لە :

١- دەنگسازی

٢- وشە سازی

هیوادارم بە خزمەت لە قەڵەم بدرێت و شتێکم بە شتێك کردبێت .

❖ ئەگینا لایەنی وەك ئەوەندە زۆرە کە فارس وتەنی مەسنەوی حەفتا مەن کاغەزی لێ دەردەچوو ، بۆیەش زۆر کەم ئاماژەم بە هاوبەشیەکان داوە .

١- دەنگسازی ( فۆنۆلۆژی)

هەرچەندە هەتا ئێستاش زمانەوانەکان لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی ئەلف و بێ ی کوردی بە تەواوەتی ڕێك نەکەوتوون ، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی و ئەوەی زۆربەی زانایانی ئەم ، بوارە لەسەری کۆکن ئەوەیە کە زمانەکەمان بە هەموو لق و پۆپ و زارەکانیەوە ، لە دەنگ بێژە هاوبەشە و دەکرێت بڵێین لەسەر ئەم دەنگانەی خوارەوەێك کەوتون :

(( ئ ، ا ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، ۆ، وو ، ە ، ی ، ێ ))

پیتە دەنگدارەکانیش بریتین لە :

( ا ، ە ، و ، ۆ ، وو ، ی ، ێ ، ا ، جگە لە هەردوو نیمچە بزوێنی w،y ) (١)

بەلاّم ئەمەش وەنەبێت لە ڕووی فۆنۆ لۆژییەوە هیچ جیاوازییەك بەدی نەکرێت . بگرە هەندێك جیاوازی وا بەجیاوازی وا دەبینرێت کە شایانی هەڵوەستەن، هەر خودی ئەو فۆنیمانەی لە نێوان قسە پێکەرانی هەردوو زارەکەدا هەیە . بۆ نموونە:

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| صار | سەرد | سارد |
| صە | گەماڵ | سەگ |
| صاڤارا | ساوار | ساوار |

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێمای (ك.ژ) بۆ کرمانجی ژووروو و (ز.ف) بۆ زاری فەیلی و (ك.خ) بۆ کرمانجی خواروو دانراوە.

ئەم دەنگانەی سەرەوە بە شێوەی /ص/ ی عەرەبی گۆدەکرێت لە ڕێنووسی نوێدا هەر بە ((س)) دەنووسرێت و تەنانەت لە هەندێ شوێن بە /س/ یش گۆ دەکرێت . زۆر جاریش نابێتە هۆی گۆڕینی واتای ووشە . واتە دەبنە ئەلوفۆنی یەکتری . ئەم زۆر بە دەگمەن لە زاری فەیلیدا بەدی دەکرێت . وەك لە ووشەی ((سە = سەد)) دا.

هەروەها دەنگی / ط / لەم نموونانەی خوارەوەدان:-

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| طرش | تورش | ترش |
| طام | تام | تام |
| طەرگ | تەگەر | تەرزە |
| طە زی | تەزی | تەزی |

ئەم دەنگانەش لە ڕێنووسی کوردیدا بە ((ت)) دەنووسرێت و تەنانەت لە هەندێ ناوچەی وەك ئاکرێ هەر بە دەنگی /ت/ گۆ دەکرێت.

شایانی باسە لە ڕووی پیت و دەنگەوە بە نیسبەت زاری کرمانجی ژووروو ئەم پیتانەی کە هەن پێویستیان بە دەستاکری و زیاد کردن هەیە، ئەگەر دەستبەرداری فۆنیەکان نەبین و بۆ نموونە هەر بۆ فۆنیمی /ت/ پێویستمان بە سێ فۆنیم هەیە، هەتا لە شوێنە جیا جیاکاندا بتوانین ووشەکانیان پێ بنووسین.

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| تا | تاو | ت |
| تيك | دەرز | درز |
| طه رم | تەرم | تەرم |

یاخود بۆ ئەو دەنگەی ئێمە بە /پ/ دەینووسین پێویستە سێ وێنەمان هەبێت بۆ ئەم فۆنیمە و نموونەش لەم وشانەی خوارەوەدایە:

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| پێلاڤ | كەوش | پێلاو |
| پاری | لوقمە | پاروو |
| پەردە | پەردە | پەردە |

هەروەها لە پیتی ((چ)) و ((ك)) دا پێویستمان بە فۆنیمی تر دەبێت . چونكە هەر كامیان بە فۆنیمی جیا گۆ دەكرێت و لە هەندێ شوێنیسدا دەبنە هۆی گۆڕینی واتای ووشە . وەك لەم نموونەی خوارەوەدا بەدی دەكرێت:

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| چیا | كێف | كێو (چیا) |
| چاندن | كاشتن | چاندن |
| كەت | كەفت | كەوت |
| كەت | تاك | تاك |
| كەر | كوت | لەت |
| كەركەفتن | خەر | كەر |

ئەم نموونای لە خوارەوە ئاماژەمان پێكرد : وەك دیارە لە هەندێ شوێن چۆنیەتی گۆكردنیان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و لە هەندێ شوێنیش دەبنە ئەلۆفۆنی یەكتری ، جا بە هەرشێوەیەك بێت ئەمە واقیعێكە و هەیە و بایی ئەوە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بكەین ، هەرچەندە بە ڕێكەوتن وا پێكهاتووین كە بە بیستن یاخوود لە كاتی خوێندندا تێبەگەین مەبەست كام دەنگە ، دیسان لە زاری كرمانجی ژووروودا دەنگی / ظ/ بەر گوێ دەكەوێ وەك لە وشەكانی ( زانا ، مەزن ، زەڤلەك ، زادو ... ) كە رەنگە ئەمە كارتێكردنی فۆنێمەكانی پێش و پاشی فۆنێمی /ز/ بێت كەوای بەسەر دێت (٢) . شتێكی تری شایانی سەرەنج ئەوەیە كە دەنگی /ۆ/ لە زاری فەیلی دا دەگۆڕێت بە / وو/ بۆ نمونە (٣)

| ك . ژ | ز.ڤ | ك . خ |
|---|---|---|
| گۆڕ | گوور | قەبر |
| بۆر | بوور | بۆڕ |
| تۆڕ | توور | تۆڕ |

هەتا ئێرە ئەو فۆنێمە جیاوازانە بوون کە لە نێوان هەردوو زارەکەدا هەیە ، بەڵام بەوورد بونەوە هەندێ گۆڕانکاری فۆنۆلۆژی وەك یاسا (ئەگەر هەندێ جار نەشچەسپێن ) بە دیار دەکەون ، واتە بە پێی یاسایەك هەندێ دەنگ دەگۆڕێن ، جاری واش هەیە لەم یاسایە لادەدات .

١- گۆڕان

أ - گۆڕانی دەنگی / هـ/ بە /ا/

| ك . ژ | ز.ڤ | ك .خ |
|---|---|---|
| چەهڤ | چاو | چاو |
| کەهنی | کانی | کانی |
| کەهر | کاریلە | کارژیلە |

ب - گۆڕینی دەنگی / ڤ/ بە / و/

| ك.ژ | ز.ڤ | ك .خ |
|---|---|---|
| لێڤ | لێو ( لچ) | لێو |
| شەڤ | شەو | شەو |
| ئاڤ | ئاو | ئاو |
| چەهڤ | چاو | چاو |

ج-گۆڕینی دەنگی / ب/ بە / /و/

| ك.ژ | ز.ڤ | ك .خ |
|---|---|---|
| بەفر | وەفر | بەفر |
| باران | واران | باران |
| بەر | وەر | پانایی |
| بەران | وەران | بەران |
| عەیب | ئەیو | عەیب |

د - گۆڕینی دەنگی / نگ / بە / غنە گنە /

| ك.ژ | ز.ڤ | ك .خ |
|---|---|---|
| رەنگ | رەن ؟ | رەنگ |
| جەنگ | جەن ؟ | جەنگ |
| دەنگ | دەن ؟ | دەنگ |
| زەنگ | زەن ؟ | زەنگ |

ه - گۆڕینی دەنگی / وو / بە / ی /

| ك.خ | ز.ف | ك .ژ |
|---|---|---|
| بووە | بیبە | بووە |
| چووە | چییە | چووە |
| دوور | دیر | دوور |
| نوور | نیر | نوور |

دەنگی / نگ / وەك هەنگوینی سلێمانی گۆ دەکرێَت

و - گۆڕینی دەنگی / ح / بە / ھ /

| ك . خ | ز.ف | ك .ژ |
|---|---|---|
| عەلی | ئەلی | عەلی |
| عەیار | ئەیار | عەیار |
| عەشیر | ئەشیر | عەشیر |

ج - گۆڕینی دەنگی / ھ / بە / خ / و بە پێچەوانەوە

| ك .خ | ز.ف | ك .ژ |
|---|---|---|
| قوڕ | خەڕگ | هەڕی |

| ك.خ | ز.ف | ك.ژ |
|---|---|---|
| هێلکە | خا (یە) | هێك |
| خاڵە | هالو | خاڵو |
| خانوو | هانە | خانی |

٢- سوان

هەندێ جار لە زاری فەیلی دا کرداری سوان و لەناوچوون روو دەدات :

أ- سوانی دەنگی /ت/ لە زاری فەیلی دا

| ك.خ | ز.ف | ك.ژ |
|---|---|---|
| ماست | ماس | ماست |
| دەست | دەس | دەست |
| هەست | هەس | هەست |

ب – سوانی دەنگی / ك / لە زاری فەیلی دا ئەگەر بكەوێتە پاش / بە /

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| یەكسەر | بێ سەر | یەكسەر |
| یەك دەست | بێ دەست | یەكدەست |
| یەكجا | بێ جا | یەكجا |

❖ (هەس ) لێرەدا مانای هەست و ئێحساس دەدات ، ئەگینا لە زاری فەیلی دا (هەس) وەك فرمان واتای ( هەیە ) دەبەخشێت . شایانی باسە سوانی دەنگی

/ ت/ لە زاری سلێمانی و هەندێ شوێنی تریش بەرچاو دەكەوێت .

ج – سوانی دەنگی / د/ لە زاری فەیلی دا ، هەندێ جار وا هەست دەكرێت گوایە گۆڕان روو دەدات بۆ / ی / بەلاّم من پێم وایە كرداری (سوانە ) رووی داوە و هاتنی

/ ی/ بۆ ئاسان كردنی گۆ كردنەكەیە ، چونكە چەند دەنگێكی بزوێن دەكەونە دوای یەكتری و ئەم / ی/ ە نیمچە بزوێنە و كاری گۆكردن ئاسان دەكات . نمونە

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| قەند | قەن | قەند |
| مەیدان | مەیان | مەیان |
| قەدرەك | قەرێ | هەندێك |
| ئادەم | ئایەم | ئادەم |

د – سوانی دەنگی / گ/ لە زاری فەیلی دا

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| جەگەر | جیەر | جەرگ |
| كەنگر | كەنەر | كەنگر |
| سەنگەر | سەنەر | سەنگەر |

❖ ئەو دەنگەی كە دێتە شوێن ئەم / گ/ یە تا ڕادەیەك شێوەی / نگ/ لە هەنگوینی سلێمانی دەكات ، بەلاّم كت و مت ئەو نییە .

٣- جێگۆڕین

لە نێوان دەنگی / ر/ و / م / دا جێگۆڕكێ ڕوودەدات . هەرچەندە تەنیا نموونەیەكم وە بەرچاو كەوت .

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| هرمی | هەمرو | هەرمێ |

زۆر پیت و دەنگ لە لوڕیدا هەیە ، یا بۆ کورداندن و یا بۆ لوڕاندنی جێ گۆڕکێی پێ دەکرێت ، بەڵام ئیتر تایبەت نییە بە جێگۆڕکێ لە نێوان تەنیا دوو دەنگدا (٥)

٤- تەواندن ❖

یاسای (( تەواندن )) لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا شیاوی ئەوەیە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و بە گشتی لە شێوەی جزیر و هەندێ دەڤەری تردا پەیڕەو دەکرێت کە لە زارو شێوە زاردا بەدی ناکرێت ، هەروەها ناچێتە خانەی گۆڕانیش . ئەم گۆڕانەش (( تەواندن )) لە دەنگی /أ/ یان / ە/ بۆ /ێ/ روودەدات .

ئەمەش ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە کاتێکدا روو دەدات کەوشەکە لەناو رستەدا ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بگرێتە ئەستۆ .

❖ تەواندان مانای چەماندن دەدات لە زاری (ك .ژ) دا . من نازانم کەسی دیکەش لە شوێنێك ئاماژەی پێداوە یان نە ، بەڵام پێم وایە من یەکەم کەسم هەستم بەم دیاردەیە کردبێت ، یاخود بە لانی کەم یەکەم یەکەم کەسم کە تۆماری دەکەم .

| ك.خ | تەواندی | ك.خ |
|---|---|---|
| چەرین | چێرین | لەوەڕین |
| زەڤی | زێڤی | زەوی |
| قاسم | قێسم | قاسم |
| ناڤ | نێڤ | ناوەوە |

بۆ وێنە لە رستەیەکدا دەگوترێ :

- قاسم هات .

بەڵام کە بوو بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبێت بە :

-دێ چین مالاقێسم

جا ئەگەر یەکێك بڵێت قێسم هات پێی پێدەکەنن (٦)و بە هەڵە دادەنرێت .

بەشی دووەم:

ووشەسازی

أ چاوگ:

رووادنی کار ڕادەگەیەنێت بەبێ ڕەچاو کردنی کەس و کات. لە هەردوو زارەکەدا ((ن)) نیشانەی چاوگە❖.

هەتا ئێستا پێنج جۆر چاوگی سادە بەپێی دوا پیتی کاری سادەی ڕابردوو لە زمانی کوردیدا دەست نیشان کراوە . لەوانەش:

١- چاوگی ئەلفی (أ): رمیان، هێلان، دان، چڤیان، کێلان.

٢- چاوگی تائی (ت) : کوشتن، کەفتن، خەفتن، گرتن، نشتن.

٣- چاوگی دالی (د): کردن، مردن، خواردن، خوێندن، چاندن.

٤- چاوگی یائی(ی): ساین، فڕین، سڕین، دڕین.

ئەم جۆرە چاوگانەی سەرەوە لە هەردوو زاردا هاوبەشن و دەبینرێن، بەڵام من پێم وایە لە دەست نیشان کردنی جۆرەکانی چاوگ بەپێ ی دوا پیتی کاری سادەی ڕابردوودا، لە زاری کرمانجی ژوورووودا جۆرێکی تری چاوگ بەرچاو

دەكەوێت، ئەویش چاوگی (راثی = ر) یە . وەکو ((برن، کرن، خوارن و ...... هتد)) لەوانەیە بگوترێت ئەمە هەمان چاوگە دالیەکەیە کە دالەکەی سواوە . بەڵام لە زاری (ك.ژ) دا چاوگی دالیش بەرچاو دەکەوێت وەك: ((خوێندن، چاندن، رەڤاندن ....هتد)).

❖ خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زار یەکجار زۆرن . بۆیەش ئیتر من وازم لەوە هێناوە داخۆ چییاك هاوبەشە . وەك لە ناوی باسەکە دیارە، دیاری کردنی هەندێ لایەنی جیاوازییە، بۆیەش من تەنها جیاوازییەکانم دیاری کردووە. جا بۆیەش لە جیاوازییەکاندا ئەم جۆرە چاوگە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت جگە لەمە، هەموو جۆرەکانی چاوگ چ لە ڕووی روونانەوە و چ لە ڕووی جۆرەکانی بەپێ ی دوا پیتی کاری سادەی ڕابردوو لە هەردوو زاردا وەك یەکن و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیان بەدی ناکرێت.

ب- جێناوەکان:-

لە زاری کرمانجی ژووروودا جێناوی کەسی دوو جۆرن، جێناوی کەسی جودا و جێناوی لکاو، جێناوی جودا کەسیشی بۆ خۆی دوو جۆرە . ئەو جێناوەی لەگەڵ فرمانی تێپەڕی ڕابردووی سادە ڕۆڵی بکەر دەبینێت و هی دووەم ئەو جێناوەیە کە لە گەڵ فرمانی ڕابردووی سادەی تێنەپەڕدا دێت و پێویستە جێناوی کەسی لکاویش لەگەڵدا بخرێتە کۆتایی فرمان . واتە ئەم جۆرە جێناوە ئەرکی نیهاد لە ڕستەدا دەبینێت و جێناوە لکاوەکە لە ڕستەدا دەبێتە بکەر (٢)

شایانی باسە لە کۆمەڵەی تێپەڕدا واتە کۆمەڵەی ((من)) لە کەسی سێهەمی تاکدا ڕەگەزی نێر و مێ ئاشکرا دەبێت . بەڵام لە کۆمەڵەی ((ئەز))دا بەدی ناکرێت . کەچی لە زاری لوڕیدا ((فەیلی)) ڕەگەزی ناو هەروەك کرمانجی خواروو بەدیار ناکەوێت . لە زاری فەیلیدا یەك جۆر جێناوی جودای کەسی هەیە بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ . بەڵام دوو جۆر جێناوی کەسی لەم زارەدا ((فەیلی)) بەدی دەکرێت . جێناوی لکاوی تایبەت بە فرمان و جێناوی لکاوی تایبەت بە ناو . هەرچەندە لە دەڤەری گەرمیان هەندێ جار سنووری نێوان هەردوو جێناوە لکاوەکان دەبەزێنن و بۆ نموونە دەڵێن: چومان، هیتیدان .....هتد.

١- کۆمەڵەی ((من)):-

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| من نڤیسی | مە نوسام | من نووسیم |
| تە نڤیسی | تن نوسایت | تۆ نووسیت |
| وی نڤیسی / نێر | ئەو نوسا | ئەو نووسی |
| وێ نڤیسی / مێ | | |
| مە نڤیسی | ئێمە نوساین | ئێمە نووسیمان |
| هەوە نڤیسی | ئێوە نوسان | ئێوە نووسیتان |
| ئەوان نڤیسی | ئوان نوسان | ئەوان نووسیان |

٢- كۆمەڵەی ((ئەز)):-

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| ئەز نڤستم | مە خەفتم | من نووستم |
| تو نڤستی | تن خەفتید | تۆ نووستیت |
| ئەو نڤست | ئەو خەفت | ئەو نووست |
| ئەم نڤستین | ئێمە خەفتین | ئێمە نووستین |
| هەموون نڤستین | ئێوە خەفتن | ئێوە نووستن |
| ئەو نڤستن | ئەوان خەفتن | ئەوان نووستن |

٣- جێناوی لکاو کە دەکەوێتە دوای فرمان:-

لە زاری کرمانجی ژووروودا وەك ئیشارەتم پێکرد ڕاناوی لکاو لە دۆخی بکەریدا و لەگەڵ کۆمەڵە ڕاناوی (ئەز) دا دێت کە ئەویش لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕدا و لە دۆخی ڕابردووی سادە دا دەردەکەوێت، بەڵام لە زاری فەیلی لەگەڵ تێپەڕ و تێنەپەڕدا ڕاناوی لکاو بەدیار دەکەوێت.

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| م | م | م |
| ی | یت / ید | ی / یت |
| ە | ە | ە |
| ین | مین / یم | ین |
| ن | ین / ن | ن |
| ن | ن | ن |

٤- ڕاناوی لکاو کە دەکەوێتە دوای ناو:-

ئەم ڕاناوە خاوەنێتی دیار دەکات . ئەم دۆخە لە زاری کرمانجی خواروودا بەر چاو دەکەوێت . هەرچەندە ئەم کۆمەڵە جێناوە لە کرمانجی خواروودا لەگەڵ کاریشدا بەدیار دەکەون و تایبەت بە فرمانی تێپەڕ . واتە دەکەونە دوای فرمانی تێپەڕ لە (کرمانجی خواروودا). کەچی لەم حاڵەتەدا لە کرمانجی ژووروودا کۆمەڵە جێناوی جودای کەسی (من) بەکار دەبردرێت و ڕەگەزیش واتە نێر و مێ بەدیار دەکەوێت.

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| کتێبا من | کتاوم | کتێبم |
| کتێبا تە | کتاودرت | کتێبت |
| کتێبا وی | کتا وی | کتێبی |
| کتێبا وێ | کتا وی | کتێبی |
| قەڵمێ مە | قەڵەممان | کتێبمان |
| قەڵمێ هەوە | قەڵەمتان | کتێبتان |
| کتێبا ئەوان | کتاویان | کتێبیان |

کتێب لە نموونەی سەرەوەدا لە زاری کرمانجی ژووروودا ڕەگەزی مێ و قەڵەم نێرە، بەڵام جێناوەکان هیچ گۆڕانیان بەسەردا نایەت، نێربێت یان مێ، وەك دەبینرێت

کۆمەڵە ڕاناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە زاری فەیلیدا دەکەونە دوای ناوەوە . تایبەت نییە بە فەرمان و لە کۆتایی فەرماندا نایەن . ئەم جۆرە جێناوە لە زمانی فارسیشدا بەرچاو دەکەون و پێیان دەڵێن (ضمایر متصل مفعولی واضافي)(٩)

شایانی باسە کە لە دۆخی خستنە سەر وەسف دا ڕەگەز لە زاری کرمانجی ژووروودا بەدیار دەکەوێت . هەروەها لەکاتی بانگ کردنیشدا . بەڵام نیشانەکانی ڕەگەز لە دۆخی بانگ کردندا جیاوازیان هەیە لەگەڵ هی دۆخی خستنە سەرو ... کەچی لە زاری فەیلیدا وەك زاری کرمانجی خواروو هیچ نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دیاری کردنی ڕەگەز بەدی ناکرێت بۆ نموونە:

- بۆ دۆخی خاوەنێتی:-

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| دەستی من | دەسم | دەستم |
| دەستێ تە | دەسد | دەستت |
| پرچا من | گیسم | پرچم |
| پرچا تە | گیسد | پرچت |

لە دۆخی بانگ کردندا، لە هەردوو حاڵەتی تاك و کۆ جیاوازیان هەیە جگە لەوەی کە لە حاڵەتی تاکدا لە کرمانجی ژووروودا نیشانەی تایبەتی دیسان بۆ دەست نیشان کردنی ڕەگەز بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە:

- بۆ دۆخی بانگ کردن (تاك):-

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| لاوو | لاوە | لاوە |
| کوڕو | کوڕە | کوڕە |
| دەلالێ | جوانە | جوانە |
| کچێ | دویتە | کچە |

- بۆ دۆخی بانگ کردنی (کۆ):-

لە حاڵەتی کۆدا بۆ نێر و مێ لە کرمانجی ژووروودا هیچ جیاوازییەك بەدی ناکرێت و هەریەك مۆرفیم و نیشانە بەکار دێت، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ هی زاری فەیلی دا . لە کرمانجی ژووروودا، دوو نیشانە بۆ ئەم مەبەستە هەیە:

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| کوڕینۆ / نۆ | کوڕەل / گەل | کوڕینە |
| کچ ینۆ / نۆ | کەنیشکەل / گەل | کچینە |
| گەلی کچان | کەنیشك گەل | کوڕینە |
| گەلی کوڕان | کوڕ گەل | کچینە |

٤- جێناوی ئاماژە لە هەردوو زاردا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

نموونە لە ڕستەدا بۆ زاری فەیلی:

| | | |
|---|---|---|
| بە کوڕە گەمە | نزیك | تاك |
| ئەو چەتواد | دوور | |

| | | |
|---|---|---|
| ئەیانە کێن | نزیك | کۆ |
| ئەوانە کەنیشگن | دوور | |

نموونە بۆ زاری کرمانجی ژووروو لە ڕستەدا:

| | | |
|---|---|---|
| ئەڤە کوڕێ منە | نزیك | تاك |
| ئەو کچا تەیە | دوور | |

| | | |
|---|---|---|
| ئەڤان کتێبان هەڵگرە | نزیك | کۆ |
| ئەوان داران بینە | دوور | |

❖ ئەم (گەلی) یە زۆر لە شێوەی ((گەل)ە کەی زاری فەیلی دەکات و تەنیا ئەوەیە هاتووەتە پێش ناو لە (ك.ژ)دا، هەروەك چۆن (نیۆ) زۆر نزیکە لە (نیە) ی (ك.خ) . بەڵام لە زاری فەیلیدا (ە) مۆرفیمی بانگکردنە لە تاکدا و لە کۆشدا (ە) دەکەوێتە دوای مورفیمی .

مۆرفیمی کۆ:-

لە زاری فەیلیدا نیشانەی کۆ بریتیە لە (گەل، یَل، ان) و لە زاری کرمانجی ژووروودا بریتیە لە ((ی، ان، ێن، ێت) هەروەها لە زاری فەیلی دا ناو و فرمان پێکەوە نیشانەی کۆ وەردەگرن کەچی لە زاری (ك.ژ) دا لە جیاتی کۆ کردنی ناوەکان، مۆرفیمی کۆ دەچێتە کۆتایی فرمان، واتە ئەگەر گوتمان : (هەسپ) هەم تاکە و هەم کۆیە، ئەوجا لە فرماندا بۆ تاك دەڵێین: هات و بۆ کۆ دەڵێین: هاتن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ناو لە دۆخی بکەریدا بێت . بەڵام لە دۆخی خستنە سەردا دیار خراو نیشانەی (ان) و دیار خەر نیشانەی (ێن) و هەروەها لە حاڵەتی وەسفیشدا (ێن) دەکەوێتە کۆتای ناوەکە . بەڵام لەم حاڵەتەشدا لە زاری فەیلی دا دیارخەر و دیار خراو هەردووکیان کۆ دەکرێن.

شایانی باسە لە زاری فەیلی دا نیشانەی (گەل، یَل) لە دۆخی نەناسراوی دا بۆ کۆ کردن بەکار دەچن و (ان) لە دۆخی ناسیاوی دا دەبێتە مۆرفیمی کۆ.(١٠)

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| هەسپ هاتن | ئەسپەکان هاتن | ئەسپەکان هاتن |
| کچێن جوان هاتن | دۆیقەل قەشەنگ هاتن | کچە جوانەکان هاتن |
| کوڕێن گوندان بکوژن | کورەل دییەل بکوژن | کوڕانی گوندان بکوژن |
| داران بینە | دارەگان بارە | دارەکان بینە |

لە نموونەی یەکەمدا کۆ کردنی فرمان پەیرەوی نیهاد دەکات، بەڵام ئەگەر فرمان تێپەڕ بوو پەیرەوی بەکار دەبێت لە کۆ و تاکدا . نموونە:

ئەوەی دوهی کتێبەك کڕی

ئەوەی دوهی کتێب کڕین

ئەوان دوهی کتێبەك کڕی

مەکتەبەك کڕی

مەچەند کتێب کڕین

بۆیەش دەتوانین بڵێین کە لەم جۆرە فرمانانەدا کە تێپەڕن و کاتی ڕابردووی سادەن جێناوی جودای پێش فرمانی بکەرە و جێناوی لکاوی پاش ڕەگی فرمان لە گەردان کردندا بەکار یەت، ئەم تایبەتمەندییە تایبەتە بە فرمانە تێپەڕەکانی ڕابردووی سادە و لەدەمکاتەکانی تردا ئەم جێگۆڕکێیە ڕوو نادات.

نموونە: ئەو دوو کتێبان دەکڕیت . وەك دەبینین مۆرفیمی کۆ خراوەتە سەر کتێب و جێناوی لکاوی بکەری پەیوەستە بە بکەرەوە کە ((ئەو))ە.

ە- مۆرفیمی ناسیاوی و نەناسیاوی:(١٠)

لە زاری فەیلی دا (گە) و (ەگە) نیشانەی ناسیاوین . واتە ئەگەر ناوێك کۆتایی بە ڤاول (٧) هاتبێت (گە) و ئەگەر کۆتایی بە کونسنانت (٢) هاتبێت (ەگە) بۆ ناساو کردن دەخرێتە کۆتایی ناوەکە.

بۆ نیشانەی نەناسیاویش (ێك، ێ ) دەکەوێتە کۆتایی ناوەکە و نەناسراوی دەکات . کەچی لە زاری کرمانجی ژووروودا:

أ- بۆ نیشانەی ناسیاوی بۆ نێر و مێ هەریەکەو نیشانەیەکی تایبەتی هەیە بۆ نێر (ی) و بۆ مێ (ێ).

ب- ئەگەر کۆ کرا نیشانەی نێر و مێ نەناسیاویش لەناو دەچێت.

ج- بۆ نەناسیاو کردن لە زاری کرمانجی ژووروودا نیشانەی (وەك) بە دوای ناوەوە دەکرێت.

د- لە زاری فەیلیدا بۆ کۆ کردن ئەگەر ناو ناسیاو بوو بە (ان) ئەگەر نەناسیاو بوو بە (گەل، ێك) کۆ دەکرێت.

ە- لە زاری کرمانجی ژووروودا ئەگەر ناوی ناسیاو نەناسیاو کرا تایبەت مەندی ڕەگەزی (نێر، مێ) لەدەست نادات بەڵکو ئەم مۆرفیمە دەچێتە دوای نیشانەی نەناسیاویەوە نموونە:

ناسیاوی

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| هنارێ بخۆ مێ | هەنارەگە بخوا | هەنارەکە بخۆ |
| سێڤێ بێنە مێ | سیڤەگە بارە | سێوەکە بێنە |
| دەری بگرە نێر | دەرگاگە بوەستە | دەرگاکە داخە |
| قەلەمی نەبە نێر | قەلەمەگە نەوەی | قەلەمەکە مەبە |

نەناسیاوی

| ك.ژ | ز.ف | ك.خ |
|---|---|---|
| کوڕەك هات | کوڕیگ هات | کوڕێك هات |
| سێڤەکی بینە | سێڤێ بارە | سێوێك بێنە |
| قەلەمەکی ببە | قەلەمێك بوە | قەڵەمێك ببە |

ئەنجام:

زمان هەوێن و ئانیانی هەبوونی گەلانە بۆیەشە حوکمە دیکتاتۆریەکان لە پەیرەوکەی مێژوودا بۆ تواندنەوەی هەر گەلێك یەکەمجار هەوڵ دەدەن زمانیان بسڕن و لەناوی بەرن . وەك چۆن دژی کورد کراوە . بۆیەشە کە نووسین و لێکۆڵینەوەمان لە بواری زمان و تەنانەت بەزمانی خۆمان کەمە جا لەسەر ئێمەیە کە ئەو غەدرەی مێژوو قەرەبوو بکەین بە لێکۆڵینەوە و خزمەت کردنی زمانەکەمان منیش لەسەر ئەو ڕایەم کە ئەم گۆڤارانە (ك.ژ، ز.ف) جیاوازی زۆریان هەیە ئەگەر بە چاوی جیاوازییەوە تەماشایان بکەین ئەگینا سەرەڕای هەموو ئەمانەش شتە هاوبەشەکانمان یەکجار زۆرن و مرۆڤ هەر لە دوورەوە دەزانێت هەردووکیان لقی یەك زمانن و ئەم دیاردەیە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت وەك چۆن لە نێوان عەرەبی میسری و عەرەبی بغداد ئەم جیاوازییە هەیە . جا بەهەر شێوەیەك بێت لە ئەنجامدا گەشتمە ئەوەی هەندێ دەنگ لە زاری کرمانجی سەروودا هەن کە لە زاری فەیلیدا بەرچاو ناکەون وەك (ص، ط) هەروەها هەندێك فۆنیم هەن کە وێنەیان بۆ دانەنراوە لە کرمانجی ژووروودا وەك (ت، پ، چ، ك) بەڵگەش بۆ ئەم گوتنە لە ناوەرۆکی باسەکەدا هێنراوە .

هەروەها لە زاری فەیلیدا /ۆ/ بەرچاو ناکەوێت و لەو ووشانەی ئەم دەنگەیان تێدابێت دەنگەکە دەبێت بە /وو/ .

شایانی باسە گۆڕان لە زاری (ك.ژ) ڕوو دەدات بۆ زاری فەیلی لە دەنگەکانی:

/هـ/ بۆ /أ/

/ڤ/ بۆ /و/

/ب/ بۆ /و/

/نگ/ بۆ /غنە/

/وو/ بۆ /ی/

/ح/ بۆ /هـ/

/ع/ بۆ /ك/

/هـ/ بۆ /خ/

بە پێچەوانەشەوە.

هەروەها کرداری سوان ڕوودەدات لە زاری فەیلی دا لە دەنگەکانی

١- ك

٢- ت

٣- گ

٤- د

دیسان جێگۆڕکێ لە نێوان دەنگی / ر/، / و/، / م/ دا ڕوو دەدات وە یاسای تەواندن تایبەتە بە زاری کرمانجی ژووروو کە لە زارەکانی تردا بەدی ناکرێت لە بەشی مۆرفۆلۆژیدا جیاوازییە زۆر کەمن لە خاڵی چاوگدا تەنها من پێم وایە دەبێت چاوگی (/ئی/، / ر/)دا زیاد بکرێنە سەر جۆرەکانی چاوگ.

لە جێناوەکاندا لە کرمانجی ژووروودا دوو جۆرە جێناوی جودایی کەسی هەیە کۆمەڵەی (من ) و کۆمەڵەی (ئەز) بە زاری فەیلیدا هەریەك جۆرە جێناوی جودایی کەسی هەیە لە زاری فەیلی دا دوو جۆرن جێناوی لکاو هەیە کۆمەڵەی پاش فرمان و کۆمەڵەی پاش ناو و بەڵام لە زاری (ك.ژ)دا یەك جۆرە جێناوی لکاو بەدی دەکرێت.

هەروە لە زاری کرمانجی سەرودا نیشانەی نێر و مێ لە دۆخەکانی خاوەنێتی بانگ کردن و خستنەسەر وەسفدا بەدیار دەکەون کەچی لە زاری فەیلی دا هیچ نیشانەیەکی تایبەت بە نێر و مێ بەرچاو ناکەوێت لە مورفیمی کۆدا

جیاوازی زۆر هەیە لە مەسەلەی جێگۆرکێ کردنی مۆرفیمی کۆ، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ڕوون کردنەوەی زۆر زیاترە لەوەی من کردوومە دیسان جیاوازی لە مورفیمی ناسیاوی و نەناسیاویدا بەدی دەکرێت لە زاری فەیلی دا (ەگە و گە) بۆ ناسیاوی (ێگ، ێ) بۆ نەناسیاو کردن بەکار دەچن بەلام لە زاری کرمانجی ژووروودا بۆ ناسیاو کردن بۆ مێ (ێ) بۆ نێر (ی) بەکار دەچێت .

پەراوێزەکان:

ferhenga kurdi ya nuyen Eli seydo Bewrani الشرق الاوسط) ) Capxana ardin ruple ۲۱.

- هەندێك لایەنی بە ڕێزمانی زاری فەیلی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە نامە دکتۆرای (تارا عبدالله سعید) ئەیلولی (۱۹۹۸) ل ل ۱٥،۱٦

٢- زارە کوردییەکان (د.کامل حسن بەصیر) (مطبعة جامعة صلاح الدین) (۱۹۸۷) ل.٨٤.

٣- سەرچاوەی پێشوو ل ٥٨

٤- فەرهەنگی (لەکو لوڕ) حەمیدی ئیزەد پەناه، لێدوان محمود زامدار چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بغداد ۱۹۷۸ ل ١٤٥.

٥- سەرچاوەی پێشوو ل ل ١٤٥، ١٤٦ .

٦- بەڕێز عبدالله خەلیل تەمەن (٤٠) سال دانیشتوی شاری هەولێر چاوپێکەوتنی ڕۆژی ١٠/٥/١٩٩٩.

٧- دستور زبان کوردی شمالی – اورامی دکتور محمد تقی ابراهیم پورو .... چاپ ١٣٧٠ ل ٢٦.

٨- هەتا کۆتایی هاتنی ئەم نووسینە دانیشتنی بەردەوامم لەگەڵ بەڕێز فوئاد حەسەن فیلی تەمەن (٤٢) ساڵ دانیشتوی قەزای سوران هەبوو بۆ بەراورد کردنی دەنگەکان و هەندێ لایەنی ڕێزمانیش.

٩- دستور زبان فارسی، دکتر حسن احمد گیوی و .... انتشارات فاطمي چاپ ١٣٧٠ جا، ل ١٧١.

١٠- ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سورانی، ك.ك کوردۆیف دکتور کوردستان موکریانی . هەولێر ١٩٨٢ – ل ٧٨.

١١- هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی نامەی دکتۆرای تارا عبدالله سعید . ل ٥٦.

سەرچاوەکان:

بە کوردی:

أ- کانگا:

ferhenga kurdi ya nuyen Eli seydo Gewrani ١ Capxana -الشرق الاوسط) ) urdin.

٢- فەرهەنگی لەك ولوڕ - حەمیدی ئیزەد پەناه، لێدوان محمود زامدار چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بغداد ١٩٧٨ .

سەرچاوە:

١- ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سورانی، ك.ك کوردۆیف دکتور کوردستان موکریانی . هەولێر ١٩٨٢ .

٢- هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی – لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی نامەی دکتۆرای تارا عبدالله سعید، زانکۆی صلاح الدین ئەیلولی ١٩٩٨.

سەرچاوەی فارسی:

١- دستور زبان فارسی، دکتور حسن احمد گیوی و .... انتشارات فاطمي چاپ ١٣٧٠ جا، ل ١٧١.

٢- دستور زبان کوردی شمالی – اورامی دکتور محمد تقی ابراهیم پورو .... چاپ ١٣٧٠ .